# پێکەوەژیانی ئاینی لە کوردستان

**هێمن عومەر خۆشناو[1]**

## پێشەکی:

**هەڵکەوتەی کوردستان چ لە رووی ئایینی، یا نەتەوەییەوە، خاوەنی تایبەتمەندیی خۆیەتی، بەوەی فرە نەتەوەیی‌و فرە ئایینی‌و ئاینزایی تێدا بەرجەستەبووە، لە رووی مێژووییشەوە بەشێك لە پێغەمبەران لەم سەرزەمینەدا نیشتەجێ بوونەو هەر ئەمەش یەکێك لە هۆکارەکانی مانەوەی نهێنیی ئەم ئایینانە بووە لە هەر چوار پارچەی کوردستان[2]. بە درێژایی مێژووی ئەم خاکە، لەناو ئەم نەتەوەو ئایین و ئاینزایانە ژیان بەردەوام بووە، رەنگە لەناو دوو تیرەی یەك نەتەوەی دیاریکراو و یەك ئایین دا لە سەردەمانێکدا ناکۆکی هەبوبێت و ژیانی سەخت کردبێت[3]، بەڵام لەنێو دوو ئایین و دوو نەتەوەدا نەگەیشتۆتە ئەو رادەیە کە پێکەوەژیانەکە بنبڕ بکات و یەکێك ئەوی تر بتوێنێتەوە. لەم روانگەوە گرنگی ئەم باسە لەوەدایە کە تایبەتمەندیی خۆی هەیە لە نموونەی جوانترین و رێکترین سیمای پێکەوەژیان، کە دەکرێ ئەزموون و سیماکانی بۆ شوێنانی تر بگوازرێتەوە، بەتایبەتی لەم سەردەمەدا کە لە رۆژهەڵات بەگشتی و عێراق بەتایبەتی پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی لە قەیرانێکی گەورەدایە. لەو سۆنگەیەوە باسەکە دابەشی چەند تەوەرەیەك کراوە کە تێیدا نمونەی چەند شارێکی کوردستان وەرگیراوەو باس لە دیمەنەکانی پێکەوەژیان لەرووی کۆمەڵایەتیی و رۆشنبیریی کراوەو، پەیوەندی خەڵکی کوردستان لە بۆنە ئاینییە جیاوازەکانداو هەروەها رۆڵی نزرگەو مەزارەکان لە کۆکردنەوەی دوو ئایینی جیاوازو پتەوکردنی پەیوەندی پێکەوەژیان‌و بەیەکەوەمردن‌و بەیەکەوە چارەنووسێك لە دیمەنێکی تایبەتیی پێکەوەژیان خراوەتە بەرباس. لە کۆتاییشدا ئەنجامەکانی ئەم باسە خراونەتە ڕوو، پاشانیش لیستی سەرچاوەکان ریزکراون.**

## پێکەوەژیان لە دیدی گەریدەو رۆژهەڵاتناسەکانەوە

**بێگومان بەشێکی زۆری مێژوی کورد بە دەستی کەسانی غەیرە کورد نووسراوەتەوە، ئەمە وایکردووە راستیی واقیعەکە وەك خۆی تۆمار نەکرێت و بە گوێرەی ئامانج و مەبەستی مێژوونووسەکان بنووسرێتەوە. زۆربەی ئەو گەریدەو رۆژهەڵاتناسانەی هاتونەتە کوردستان، گەواهی ئەم پێکەوەژیانەیان داوەو باسیان لە هاوژیانی نەتەوەو ئایینە جیاوازەکان کردووە، لەوانە گەشتی دکتۆر (لیونهارت راوولف) ی هۆڵەندی کە لە نیوەی دووەمی سەدەی شانزەمی زاینییەوە بۆ مەبەستی**

---

1– hemin.ahmad@soran.edu.iq

2– بۆ نموونە لەنگەرگرتنی کەشتییەکەی (نوح پێغەمبەر) لە شاخی جودیی باکووری کوردستان و مانەوەی مەزارەکەشی لە شاری جزیرەو ژیانی (زەردەشت پێغەمبەر) لە دەوروبەری دەریاچەی ورمێ لە رۆژهەڵاتی کوردستان و (یونس پێغەمبەر) لە دەشتی نەینەواو (ئیبراهیم) لە عێراق....تد،

3– بۆ نموونە (کلودیوس جەیمس ریچ) لە کتێبەکەی خۆیدا کە بە (گەشتنامەی ریچ بۆ کوردستان) ناسراوە لە ساڵی 1820 دا باس لە ناکۆکی ناوخۆیی هۆزە کوردەکان دەکات و لە باسی خۆشناوەتی دا دەڵێ: "خۆشناوەتی و رەواندزی یەکجار کێوی و نەزانن‌و هیچ شتێکیش لە کوشتن و بڕین نایانگێڕێتەوە... چەند ساڵێك دوژمنایەتییەکی خوێناویی لە نێوان دوو ناوچەدا، لەسەر سەگێك روویدا بوو، کە نزیکەی حەفتا کەسیان لەیەکتر کوشتبوو، لەمانە سی کەسیان لە مزگەوتێکدا کوژرابوون، کە هەردوو دەستەکە پێکەوە نوێژیان کردبوو، ئەمانە تا ئێستایش جار نا جارێك لەسەر ئەم جۆرە شتە هیچ و پووچانە، یەکتر دەکوژن.. شەڕەکانیشیان بە یەکتر کوشتن نەبێ دوایی نایەت". بڕوانە: کلۆدیۆس جەیمس ریچ، گەشتنامەی ریچ بۆ کوردستان 1820، وەرگێڕانی: محمد حەمە باقی، چاپی سێیەم، موکریان، هەولێر، 2012، ل154

**زانیاری پەیداکردن لەسەر گیادەرمانییەکان هاتۆتە ئەم ناوچەیەو باس لە پێکەوەژیانی ئایین و نەتەوە جیاوازەکان لە دەشتی هەولێرو نەینەواو کوردستانی باکوور دەکات[4]. هەروەها کارستن نیبۆر Carsten Niebuhr (1733–؟)ی زانای ئەڵمانی لە ساڵی 1761ز لەگەڵ ستافێك لە شارەزاو زانایان بەرەو رۆژهەڵات دێن و بەتایبەتی ناوچە جیاوازەکانی عێراق بەسەردەکەنەوەو ژیانی کەرکوك و موسڵ و شنگالو کۆیەو هەولێر و ورمێ باس دەکەن. و باس لە ژیانی ئاشووری و مسوڵمان و، مسوڵمان و ئێزیدی و هەروەها تورك و کورد دەکات.[5]**

**لە سەدەی نۆزدەیشدا و لەساڵی 1820 (ریچ) گەشتەکەی خۆی بۆ کوردستان دەست پێدەکات و زۆر بە روونی دیمەنەکانی واقیعی ژیانی نەتەوەو ئایینە جیاوازەکان تۆمارەکات[6]. لە ساڵی 1873نیکۆلا سیوفی(1829–1901ز لە گەشتەکەی خۆیدا بۆ دیاربەکرو حەلەب و زاخۆو ناوچەی شێخان و موسڵ باس لە چۆنیەتی ژیانی ئاینزاو نەتەوە جیاوازەکان دەکات.[7] دوای پێنج ساڵ لەم مێژووە ژاك ریتۆری (1841–1921ز) ی مسیۆنێرو مزگێنیدەری فەرەنسی گەشتێك بۆ ناوچەکانی کەرکوكو سلێمانی دەکاتو مەسیحییەکانی سلێمانیو عێنکاوەو هەرمۆتەو کۆیەو شەقڵاوە بەسەر دەکاتەوەو باس لە ژیانی ئاینی ئەم ناوچانە دەکات.[8]**

**هەروەها لە سەدەی بیستەمیشدا کاپتنی ئینگلیز (دەبلیو ئار های)، لە کتێبەکەی خۆیدا (دوو ساڵ لە کوردستان)، زۆر بە روونی باس لە کوردستان بەگشتی و شەقڵاوەو کۆیەش بە تایبەتی دەکات، ئەمانەو دەیان نموونەی تر، کە مێژووی پێکەوەژیانیان نوسیوەتەوە، بەڵام بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم دەقە مێژوویانە پێویستە رەچاوی ئەم خاڵانە بکەین:**

**1–بۆ پرسی پێکەوەژیانو نیشاندانی واقیعەکە وەك خۆی، هەموو گەریدەو رۆژهەڵاتناسەکان وەك یەك تەماشای واقیعەکەیان نەکردووە، چونکە هەریەکەیان بە ئامانجێکی دیاریکراو هاتوون، زانینی ئامانجەکە رێگاخۆشکەرە بۆ زانینی ئەندازەی راستیی واقیعەکە، هەموو ئەوانەی وەك لێکۆڵەر هاتوون بێ لایەنانە واقیعەکەیان خستۆتە روو، ئەوانەشی وەك پیاوی ئایینی، یان وەك نێردراوی وەزارەتی دەرەوەو بنکە هەواڵگرییەکان[9]، بە شێوازێك نوسیویانە کە لە بەرژەوەندی خۆیان دا بێت، بۆیە هەموو جارێ وەك بەڵگەو پێوانەی راست و دروست مامەڵەیان لەگەڵ دا ناکرێ.**

**2–نەهێنی مانەوەی ئەم پێکەوەژیانە تا ئێستا، بەرهەمی پێکەوەژیانێکی ئاشتیانەیە لە رابردوودا، بۆیە رووی راستەقینەی واقیعەکە ئێستا دەردەکەوێت.**

---

4– **بڕوانە کتێبی (رحلە الهولندی الدکتور لیونهارت راوولف** الی طرابلس–**دمشق**- حلب- الرقة- دیرالزور- بغداد-عانە- الفلوجة- هیت- کرکوك- اربیل، في النصف الثاني من القرن السادس عشر المیلادي، ترجمة: د.سلیم احمد خالد، الدار العربیة للموسوعات، بیروت، 2008م.

5– رحلة نیبور الی العراق في القرن الثامن عشر، ترجمة عن الالمانیة، د.محمود حسین الامین، الدار العربیة للموسوعات، بیروت، بیروت، 2006م.

6– **بڕوانە گەشتنامەی ریچ بۆ کوردستان، کلۆدیۆس جەیمس ریچ، وەرگێڕانی محەمەد حەمە باقی، دەزگای موکریان، چاپی پێنجەم، هەولێر،** 2012

7– **زاناو لێکۆڵەرێکی رۆژهەڵاتییەو خەڵکی سوریایەو لە سەردەمی خۆیدا کۆمەڵێك پۆستی دیبلۆماسی وەرگرتوە، بڕوانە: رحلە نیقولا سیوفی** 1873، **اعتنی بنشرها: تیسیر خلف، دار التکوین، دمشق،** 2009

8– **گەشتنامەی مسیۆنێرێك، ژاك ریتۆرێ، لە فرانسیەوە: نەجاتی عەبدوڵڵا، بنکەی ژین، سلێمانی**2008.

9– **بۆ نموونە ئەو دوو ژنە ئینگلیزەی کە وەزارەتی دەرەوە لە ساڵی** 1908 **بۆ زانیاری وەرگرتن لەسەر ژیانی خەڵکی بن دەسەڵاتی عوسمانی هاتونەتە کوردستان، بە چاوێکی سووك سەیری هەموو نەتەوەو ئاینەکانیان کردوە، بۆ زانیاری زیاتر بروانە:** By Desert Ways to Baghdad, By Lousia jebb (Mrs. Roland Wilkins),London; T. FISHER UNWIN,1908

3–به پێی هەڵکەوتەی جوگرافی و سروشتیی خەڵکەکە، رادەی ئاشتەوایی و پێکەوەژیان لە کوردستان لە شوێنێك بۆ شوێنێك گۆڕانی بەسەردا دێت، بەو واتایەی هەندێ شوێن بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکە هێندە پتەوە, بواری هیچ ناکۆکییەکی نەهێشتۆتەوە.

## سیماکانی پێکەوەژیان لە چەند شارو شارۆچکەیەکی کوردستاندا :

1–هەرمۆتەو کۆیە:

هەرمۆتە گوندێکی دیانەکانەو نزیکی کۆیەیەو مسوڵمانەکانیشی تێدا دەژین و هەر لە کۆنەوە تا ئێستاش سیمای بەیەکەوەژیان تێیدا رەنگی داوەتەوەو بە جۆرێك ئاسان نییە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا جیاوازی لەنێوان ئەم دوو پەیڕەوانە ببینرێتەوە. ئەمەش کاریگەری زاناو پێشەوایانی کۆن بووە کە نەیانهێشتووە سیماکە تەڵخ بکرێت. بۆ نموونە: مستەفای کوڕی مەلای گەورەی کۆیە دەڵێ: (باوکم زۆر ڕێزی لە برا مەسیحییەکان و جوولەکەکانیش دەگرت، کاتێك کە دەهاتە مەجلیس لە سەری مەجلیس دایدەنان، کە دەڕۆیشتنیش هەتا بەر قاپی بەڕێی دەکردن، سەردەمێکیش هەندێ کەس کە مانای دین نازانن هێرش دەکەنە سەر ماڵی قەرەجە جوو، باوکم خێرا پێڕاگەیی و جوابی بۆ کاکە زیادو مەلا حەوێز نارد، کە دیفاعیان لێ بکەن، باوکم دیفاعی لێدەکردن ڕێزی لێدەنان و بە چاوێکی بەڕێزەوە سەیری ەکردن، دەشیگوت هیچ فەرق نییە ئەوانە هەمووی دینی سەماوین، پێغەمبەری خۆیان هەیەو خوا دەناسن، زۆریش لەگەڵ قەشە دادەنیشتن و لە هەموو بۆنەو چێژنەکانیش دەهاتنە لامان و بەسەریان دەکردینەوە.....کاتی خۆی مەلای گەورە دەچێتە لای (لاین) کە بەرپرسێکی ئینگلیز بوو، تەماشا دەکا بازرگانێکی کۆیی لەوێیە، رۆژێکی پیاوێکی مەسیحی سەردانی باکم دەکات، باوکیشم زۆر ڕێزی لێدەنێت و لەسەری مەجلیسی دادەنێت، کابرای تاجیر دێتە لای باوکم پێی ئەستەم دەبێت لە خوارەوە دابنیشێ پیاوە مەسیحییەکەش لەسەرەوە بێت، دەچێ لە شوێنی کەسە مەسیحییەکە دادەنیشێ و پیاوە مەسیحییەکەش رەوانەی لای خوارێ دەکات، مەلای گەورە زۆر تووڕە دەبێت و بازرگانەکە دەردەکاو پێی دەڵێت (هەتا دوێنێ وەك حەقیران راوەستابوی لەلای (لاین)، ئەدی ئەویش وەکو وان مەسیحی نەبوو، کەچی چاوەڕوانت دەکرد بیبینی و دەست بە سینگەوە بگری و کڕنوشی بۆ ببەی، ئەدی بۆچی پێت زوڵمە ئەو برا مەسیحییە لەسەرەوە دابنیشێ؟ دەری دەکا و پێی دەڵێت جارێکی تر روونەکەیتە ماڵەکەم).. (لە رووی هونەرییەوە چەندین کەسایەتی هونەری لەم شارە (کۆیە) هەڵکەوتوون گۆرانیان چڕیوە، لەوانە : مەڕبێن ، هەروەها (پۆتێ) کە مامی سێوە بووە، سێوەی هونەرمەند کە مەقامە خۆشەکانی بە ناوەڕۆکێکی جوان هەستەکانی دەربڕیوەو ئاوێتەی بون بە کلتوری ئیسلامی لە گوتەی (جومعەیە لەگەڵ فەقێیان دەخوێنین)، (حەزرەتی ئیسرافیل) و (کێوی توور) و ..هتد، توانیویەتی سوود لە ئاوازەکانی کڵێساش وەربگرێت و ئاوێتەی بکات بە مەقامەکانی. سێوە شەماسی کلێسا بووە، پەیوەست بووە بە کلێساو مەسیحییەت، کەچی لە دیوەخانەکاندا لەگەڵ (مەلا ئەسعەد) پێکەوە دانیشتوون و گۆرانی و مەقامیان گوتوەو زۆر ڕێزی یەکتریشیان گرتووەو زۆر تەبابوون.[10]

10– مێژووی هەرمۆتە، د.هاوژین سڵیوە، چاپخانەی زانا، سلێمانی، 2013، ل177–179

2-سلێمانی:

ژاك ریتۆری لە گەشتەکەی خۆیدا لە ساڵی 1878 دەچێتە سلێمانی و دەڵێ: مەسیحییەکانی سلێمانی تەنها بریتی بوون لە بیت ماڵ. سەرجەمی دانیشتوانی شارەکە نزیکەی پانزە هەزار کەسە، کە لەم ژمارەیە جولەکەکان بریتین لە دووسەدو پەنجا بنەماڵە. مسوڵمانەکان زۆرینەی شارەکە پێك دەهێنن) [11]. جەمال بابانیش لە کتێبی (سلێمانی شارە گەشاوەکەم) باس لە پێکەوەژیانی ئایینی لە سلێمانی دەکات و دەنووسێ: مەسیحییەکانی سلێمانی (کاتی خۆی لە دێی ئەرمۆتە سەر بە کۆیەو لە عینکاوەی سەر بە هەولێر و لە کەرکوکەوە هاتوونەتە شاری سلێمانی. ئەوانیش وەك دانیشتوانی شارەکە، هەریەکە بە ئیشێکەوە خەریك بوون، لە (بازرگانی و ئیشی ناوبازاڕ) و مووچەخۆری و میری و مامۆستا (رستن و چنین و خومچییەتی و جاو دروستکردن...هتد) ماشاڵڵا ئەمڕۆ پیاوی پیاوانەیان (وەك جاران) تێدا هەڵکەوتووەو هەموو کاتێك لەگەڵ خەڵکی شارەکەدا وەك برا بوون و هیچ فەرق و گۆڕانی ئایین لەو برایەتییەی نەکردوون، لە هەر شوێنێك بووبن و لە شار دوورکەوتبنەوە، هەر خۆیان بە خەڵکی سلێمانی زانیوەو دڵسۆزی شارەکە بوون. پیاوی گەورەو بەڕێزیان تێدا هەڵکەوتووە.... سەرقافڵەکەیان کەریمی عەلەکە بوو{وەزیری دارایی حکومەتەکەی مەلیك مەحمود}. .. چەندەها هەژاری برسی لە گرانییەکەی سەفەربەردا لە مردن رزگار کردووەو گەلێك شتی تری پیاوانەی لەم جۆرەی پێشکێش کردووە[12].

3-کەرکوك:

(ژاك ریتۆرێ) کە لە ساڵی 1878 هاتۆتە کەرکوك، لەبارەی پێکەوەژیانی کەرکووکەوە دەنووسێ :
(ئێمە شادمانین کە دەبینین وێڕای هەمەچەشنەیی ئایینەکان، خەڵکەکە لە هارمۆنییەکی باش پێکەوە دەژین. موسوڵمانەکان هەر وەکوو مەسیحییەکان بە قەشە دەڵێن وەستا، واتە سەردار، پیرە مەتران بەگشتی ڕێزلێگیراوە. من ئەوە تەواو سەراسیمەی کردم کە بینیم هاوسێ مسوڵمانەکان وەك باوکێك مامەڵەی لەگەڵ دەکەن و بە هەموو بڕایەکیانەوە جیاوازییەکانیان خستۆتە خزمەتی بڕیاری ئەو)[13]

4-هاودیان:

ئەگەرچی زۆر لەمێژ نییەو سەد ساڵ نابێ مەسیحییەکان لە هاودیان ی دەڤەری سۆران نیشتەجێ بوونە، بەڵام وا تێکەڵ یەکتر بوون، ئاسان نییە لێکیان هاوێر بکەین، چونکە کە (ساڵی 1928 هاتنە هاودیانێ توانیان گەرەکێك بۆ خۆیان دابین بکەن زۆر بە ڕێك و پێکی، ئەوەی زۆر گرنگە توانیان خۆیان لەگەڵ مسوڵمانەکان بگونجێنن وەك دوو برا لە یەك گوند لە جل و بەرگ و کەلتوورو داب و نەریتیش لەم گوندە مزگەوت هەیەو کەنیسەش هەیە، واتە هاودیانن، هەرچی پڕۆژە هەیە بە هاوبەشی یە لە هەموو خۆشی و ناخۆشیدا بەشداری یەکترن لە زووەوە هەر مەسیحییەك و مسوڵمانێك بەیەکەوە

---

11- گەشتنامەی مسیۆنێرێك بۆ ناوچەکانی کەرکوك و سلێمانی ساڵی 1878، ژاك ریتۆری، سەرچاوەی پێشوو، لا40

12- سلێمانی شارە گەشاوەکەم، جەمال بابان، بەرگی چوارەم، ئاراس، 2012، ل317-318

13- گەشتنامەی مسیۆنێرێك بۆ ناوچەکانی کەرکوك و سلێمانی ساڵی 1878، ژاك ریتۆری، سەرچاوەی پێشوو، لا32

دەچوونە هەرەوەزی و کەوی بواری و چیا لە مانگە زستانەکان لە ماڵەکان کۆدەبوونەوە بۆ دروستکردنی دەرمانی (ساچمە) تواندنەوەی مس و باروت بۆ فیشەکی ساچمە مەسیحییەکان راوچی باشیان هەبوونەو گرنگی زۆریشیان بە باغ و باغەوات دەدا ئێستاش لەگەڵ دابێت نزیکەی (30) ماڵ دەبێت کە ئێستا نیشتەجێی گوندن... هاتنی مەسیحییەکان لە شاوراوە بۆ هاودیان لەسەر دەستی (سەید رەسول) بوو کە مرۆڤێکی خواناس و لەخواترس بووە سەخی و سەخاوەت بووە هەمیشە بەرگری لە هەرچی دانیشتوانی گوند بێ جیاوازی کردووە، بۆ نموونە لە ساڵەکانی بیستەکان شەڕی لەگەڵ (سەید تەها نەهری) کردووە لەسەر پاراستنی زەوی و زاری گوندو بەرگرییەکی تەواویشی لە مەسیحییەکان دەکرد لە هەر کاردانەوەیەکدا.)[14] ئەم دەڤەرە لە نێوان رواندزەوە تا شەقڵاوە، بە گوێرەی دانپێدانانی (هاملتۆن) کە رێگای ئۆتۆمبێلی لە سەرەتای سەدەی بیستەم کردەوە، باس لە پێکەوەژیانی ئایینەکان لەم ناوچانە دەکات بەگشتی وسیمای تەبایی و برایەتی ئەو کرێکارانە باس دەکات کە لەسەر ئایینی جودا بوون بەلأم وەك برا وابوون. دەڵێ : (وابزانم هیچ ئایینێك نەبوو، کە لەسەر ڕێگاکەی رەواندوزدا نموونەیان نەبێت، تەنانەت هیندییەکانیش. چاودێرکەرەکەم سیخ بووو راماڵکەرەکەم هیندۆسی بوو، شۆفێری رۆڵەکەم مەلایەکی مسوڵمان بوو. هەروەها بەم شێوەیە ئەوانی تریش. جەرجیسی خزمەتکارم ئاینێکی بۆ خۆی لواندبوو، کە لە هەمووی ئاسانتر بوو. ئەو دەیگوت بە مەسیحی لە دایك بووم، بەلأم بێ سوودە ئەگەر لە جەژنەکانیاندا هاوبەشی ئەوانیکە نەکەم. لە کاتی جەژنی مەسیحییەکاندا ئەو جەرجیس بووو لەکاتی جەژنی مسوڵمانەکاندا عەبدوڵلأ ئیسماعیل بوو، لە کاتی جەژنی جولەکاندا شائول ئیلیشوو بوو.)[15] هەرەها باس لە مەسیحییەکانی دیاناش دەکات کە ترساون لەوەی مەلیك فەیسەڵ لەو شوێنە لایان بەرێ، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە لەگەڵ خەڵکەکە وا بە باشی ژیاون، پێیان ناخۆش بووە بڕیاری لابردنیان بدرێت.

## 5-شێخان:

شێخان کە ناوەکەی بۆ شێخ عادی کوڕی موسافیری هەکاری و شێخ حەسەن کوڕی عەدێی دووەمی هەکاری دەگەڕێتەوەو لە ساڵی 1924ەوە بۆتە قەزاو هەریەکە لە (ئێزدی و دیان و مسوڵمان)ی لێ نیشتەجێن و تا ئێستا نموونەیەکی پێکەوەژیان بوونە لە کوردستان. سەرەڕای گرفت و کێشە سیاسی و مەزهەبییەکانی عێراق و ناوچەکە، زانایانی ئایینی هەر سێ ئایین ڕۆڵیان لە ڕاگرتنی بەلأنسی پێکەوەژیان هەبووە. (مەلا خەلیل مشەختی) (؟ -2007)ز، کە زانایەکی ئیسلامی و شاعیرو نووسەریش بووە، ڕۆڵی بەرچاوی لە پتەوکردنی پێکەوەژیان هەبووە، لەبەر ئەو ڕۆڵەی، دوای کۆچی دوایی لە ناوەڕاستی قەزای شێخان لەلایەن پەیڕەوانی هەر سێ ئایین پەیکەرێکی بۆ دروست کراوە. لە کارەساتی ئەرمەنەکانیش، ئێزدیەکان هاوشێوەی مسوڵمانەکان لە شەقڵاوە، لە (چەند گوندێکی خۆیان باوەشیان بۆ چەند بنەماڵەیەکی مەسیحی کردۆتەوە و تەنانەت حاکمی شنگال (حەمۆ شرۆ) سەدان

14-  هاودیان (چەند لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی لەسەر کولتورو مێژووو کۆمەلأیەتی گوندی هاودیان)، فازڵ هاودیانی، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر 2012، ل42-43

15- رێگایەك بە کوردستاندا، أ.م. هاملتن، وەرگێڕانی: د.عەلی عەبدولرەحمان عەسکەری، دەزگای موکریانی، 2013ل 173

**خانەوادەی ئەرمەنی لە شاخی شنگال حەواندۆتەوەو بەو هۆیەوە ئەوکات لەلایەن پاپای ڤاتیکانەوە سوپاس کراوە)**[16].

## دیانەکان وەك مسوڵمانەکان نوێنەریان لە دیوانی سەرۆك هۆزەکان هەبووە:

**لە کۆنەوە لە رووی بەڕێوەبردنەوە، هەموو شارو شارۆچکەکان میرو دەمڕاستی خۆیان هەبووەو ئەمەش پێکەوەژیانی پتەوترکردووە. هەر بۆ نموونە شوێنێکی وەك شەقلاوە (میر)ی خۆی هەبووەو کە سەرپەرشتی شارەکەو زۆربەی هۆزی خۆشناویشی کردووە، بۆیە بنەماڵەی میرەکان دەسەلاتی بەڕێوەبردنیان هەبووە و لەو میانەشدا دیانەکانیش نوێنەری خۆیان لە دیوانی میردا هەبووە و لە دیانەکانی شوێنی تر جیا بوونە لە رووی پەیوەندی لەگەڵ مسوڵمانەکان، حاکمی ئینگلیز لە سەردەمی خۆیدا گەواهی ئەم راستییە دەدات و دەنوسێ: (گاورەکانی**[17] **شەقلاوە لەناو ناوچەیەکی عەشایەری دەژین، ئەوان هەمیشە هەڵسوکەوتێکی باشیان لە تەکدا دەکرێ، ئەوان سەرۆك هۆز لە ناوچەکە بە گەورەی خۆیان دەزانن، رێگەشیان دراوە کە موڵك و ماڵیان هەبێ لە بارێکی پڕ ئاسایش و ئارامی دان و کەسیش دەست لە کاروباریان وەرنادا)**[18]

**دانیشتوانەکانی بە کشتوکاڵییەوە خەریکن، بەتایبەتی رەزو باغی ئاوی و دێمی زۆرو بەروبومەکەی بۆ ناوچەکانی تر دەنێرن و (گاورەکان لە شەقلاوەو کۆیە کاری چنین دەکەن، ئەوانەی شەقلاوە باخی میوەی فراوانیان هەیە بە پلەی یەکەم ئەوان ئەو قوماشە خۆماڵییە دەکەن کە کوردەکانی شوێنە روتەنەکان و گردۆلکە و بەرزەکان دەیکەنە جل و بەرگ– مەبەست ئەو جۆرە قوماشەیە کە لە مەرەزی بزن دروست دەکرێ و پێیدەڵێن کر)**[19].

## رۆژئاواییەکان ستایشی رابەرە ئاینییەکانی کوردستان دەکەن:

**کورد هەر لە کۆنەوە لەگەڵ کەمایەتییە ئایینی و نەتەوەیی و مەزهەبییەکاندا باش بوونەو رۆژئاواییەکان ئەم برایەتی و پێکەوەژیانە ئاینییە لە چاوی رابەرە ئاینییەکانی کورد تەماشا دەکەن کە شێخ و مەلاکان بوون، تەنانەت هەندێ مەلاو شێخی کورد بە شێخی نەسڕانی ناودەبەن لەبەر ئەو نەرمی نواندنەی کە لە هەمبەر دیانەکان هەیانبووە. بۆ نموونە (لە راپۆرتێکی (ئیان سمیس) بۆ وەزارەتی دەرەوەی بەریتانی لە 16ی مایسی 1914 بەڵگەنامە (Ref: FO.195-24) دەڵێ ناوی شێخ**

---

16– التعایش السلمی بین الادیان فی کردستان– والشیخان نموذجا، داود مراد ختاری، مقال فی کتاب (پێکەوەژیان لە کوردستان) ئامادەکردنی: رێکخراوی باڵیۆز بۆ گەشەپێدانی مرۆیی و رێکخراوی سەروەری یاسا، هەولێر، 2013ص113

17– مسوڵمانەکانی شەقلاوە وشەی گاور بەکارناهێنن و بەڵکو بۆ کریستیانەکان تەنیا وشەی (دیان) بەکار دەهێنن، لە سلێمانی وشەی (گاورو) و لە ناوچەی بادینانیش وشەی (فەلە) بۆ کریستانەکان بەکاردێت. ئێمەیش لەو توێژینەوەیەدا، پێمان زانستی ترە وشەی دیان بەکاربێنین، لە جیاتی هەریەك لە وشەکانی مەسیحی و کریستیان و نەصارا، کە بە هیچ شێوەیەك لەم ناوچانەی کوردستان بەکارنەهێنراون.پێمان وایە وشەی مەسیحی گونجاو نییە و وشەیەکی عەرەبییە، چونکە ئەگەر بگوترێت مەسیحی، دەبێ بە مسوڵمانەکانیش بگوترێت موحەممەدی، ئەمەیش تەنیا رۆژئاواییەکان بەکاری دەهێنن.

18– دوو ساڵ لە کوردستان (گەشتیکی نهێنی بۆ میزۆپۆتامیا)، دبلیۆ ئار هەی، وەرگێڕانی لوقمان باپیر، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی رۆژهەلات، هەولێر، 2010، ل91

19– سەرچاوەی پێشوو، ل91

عبدالسلام بارزانی به (شێخ النصرانی) دەهات، لەبەرئەوەی ئەوەندە باش بووە بۆ مەسیحییەکان، کاهینێکی گەڕیدە هاتبووە کوردستان و سەردانی ناوچەی بارزان و کردستانی کردبوو سەرسام بوو بەو تەباییەی نێوان کوردستانییەکان لە ئایینە جیاجیاکان کتێبێکی نووسیبوو بە ناوی (مهد البشریه–الحیاه فی شرق کوردستان) شێخ عبدالسلامی بە (برایان بۆرۆ)ی ئیرلەندی شوبهاندبوو، کە لە کردستانیش لەژێر سایەی ئەخلاقی ئایینی وەقە زێڕەك لە دەرەوە بەجێ بهێڵە کەس دەستی بۆ ناباو ماڵی مەسیحی زیاتر پارێزراو بووە.)[20]

## دیمەنەکانی پێکەوەژیان لە رووی کۆمەلایەتییەوە:

هەتا لە رووی دابەشبوونی دانیشتووانەوە، سنوور لەنێوانیان نەبێ، ئەمە پێکەوەژیانی قووڵتر کردۆتەوە. بۆ نموونە پێکەوەژیان لە قەزای شێخان و هەندێ گوندی ناوچەی بەرواری و کۆیەو شەقلاوە، تایبەتمەندی خۆی هەیەو وەك شوێنەکانی تر نییە، چونکە لە رووی جوگرافییەوە هیچ سنورێك ئەم پەیڕەوانی دوو ئایینە لەیەکتر جیا ناکاتەوە، بە پێچەوانەی عێنکاوا، لەبەرئەوەی لە عەنکاوەدا زۆرینەی هەرە زۆر بگرە هەمووی لە کۆندا کریستیان بوون، بۆیە بواری تێکەلاوی دروست کردنی پەیوەندیی کۆمەلایەتی لەگەڵ مسوڵمانان بە شێوەیەکی بەتین لەبار نەبووە، هەتا ئێستاشی لەگەڵدا بێت ئەم کاریگەرییە هەر بەجێ ماوە، هەرچی شێخان و کۆیەو شەقلاوەن زۆرترین پەیوەندی پێکەوەژیانیان تێدا بەرجەستە بووە. شەقلاوەش لە چلەکانی سەدەی رابردوو ناحیەیەك بووە سەر بە قەزای کۆیە، بۆیە لە زۆر رووەوە لەگەڵ یەکتر هاوبەشن، وێڕای ئەوەی لە کۆیە گوندێکی تایبەت بە دیانەکان بەناوی (هەرمۆتە) هەیە و مسوڵمانیشی لێن، بەلام لەناو ناوەندی شارەکەشدا وەك شەقلاوە بنەماڵەی هەر سێ ئایین هەبوون. لە ساڵی 1878 دا (ژاك ریتۆری) نوسیویەتی کە (ژمارەی دانیشتوانی نزیکەی دە هەزار کەسەو لەو ژمارەیەدا جولەکەکان سی بنەماڵەو مەسیحییەکانیش بەقەد ئەوان دەبن و ئەوەی دیکە مسوڵمانن)[21]، لە ساڵی 1920یشدا حاکمی ئینگلیز دەبلیو ئاڕ های، لە کتێبەکەی خۆیدا دەڵێ:( شەقلاوە کە ژمارەی دانیشتوانەکانی نزیکەی (3000) کەس دەبێ و نیوەیان گاورن، دەکەوێتە سنووری باکووری چیای سەفین، کە باکگراوندێکی بەردینی بەرزی لێژ دەداتە شارۆچکەکە.)[22]

پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان میرو خەڵك هەبووە، بەتایبەتی میری فەرمانڕەوا لە ناوچەکە بایەخێکی زیاتری بە کاروباری دیانەکان داوەو ئەوانیش گوێڕایەڵی خۆیان بۆ میر دووپاتکردۆتەوە. بۆ نموونە لە کۆیەشدا لە سەردەمی (حەماغا)دا هێندە پێکەوەژیان پەرەی پێدراوە، (تەنانەت کۆرەدیان هەتا مرد لە ماڵی حەماغاو کاکەزیاد بە مەحرەم دەناسرا، سێوەی گۆرانیبێژی مەشوور لە هەموو پێویستێکدا گۆرانیی لە دیوەخانی کاکەزیاد و مەلا حەوێزاغادا دەگوت، لە دەمی پیریی سێوەدا کاکە زیاد هێنایە بەغداو ئەو چەند گۆرانییەی لە ئیزاعە پێ پڕ کردەوە، سێوە خۆی خەلقی هەرمۆتە بوو واش بزانم ناوەکەی لە سلێوەوە بۆتە

20– کەمایەتی لە کوردستان بە پێی بەڵگەنامەی نێودەوڵەتی، مەسعود عبدالخالق، گۆڤاری جودی (گۆڤاری وەزارەتی ئەوقاف)، ژمارە 10، هەولێر، لا23

21– گەشتنامەی مسیۆنێرێك بۆ ناوچەکانی کەرکوك و سلێمانی ساڵی 1878، ژاك ریتۆری، سەرچاوەی پێشوو، لا47

22– دوو ساڵ لە کوردستان 2010، لا149

سێوە... کەمایەتیی ئایینی دیان و جووی کۆیێ لە کۆنی کۆنەوە بە تەبایی لەگەڵ مسڵمانی کۆیەو ئەو ناوە هاتوونەتە خوارێ. نەبیستراوە بە جۆرێکی ئەوتۆ گەلەکۆییی پێوە بێ لەلایەن مسڵمانانەوە دەستدرێژییان لێ کرا بێ، رەنگە بەهۆی جوداوازیی دینەوە بێگاریان کەمتر پێ کرابێ لە مسڵمانان هەروەك لە عەسکەری و خزمەتی ئالآدا ئەرکەکە کەوتۆتە سەر شانی مسڵمانان، لە دەمی ئاژاوەدا کە بە عادەت تێکەڵ پێکەڵی دەبێتو سنوور دەبەزێنن، ئەو کەمایەتییە ئاینینیانە لەلایەن دەسەلآتدارانەوە پارێزراون.)[سمير]

## چەند مەزارێك دیان و مسوڵمانەكان بەیەكەوە كۆدەكەنەوە

کوردستان بەگشتی و بەتایبەتیش شەقلاوەو کۆیە، هەر تەنیا بارودۆخە کۆمەلآیەتیی و بازرگانییەکانی، پەیوەندییەکانی پەیڕەوانی ئەم دوو ئایینەی پتەو نەکردووە، بەڵکو لە هەندێك لەو شوێنەوارو مەزارە دێرینانەش، بە ئاشتەوایی هەردوو لا بە پیرۆزی دەزانن و هیچ کامێکیکیش ئەوەی تر رەت ناکاتەوەو زۆرجارانیش رێکەوت وایە هەردوو لا لە یەك کاتدا لەو شوێنەدا کۆدەبنەوە. بۆ نموونە چەند مەزارێك لە سنووری شەقلاوەو کۆیە هەن گەواهی ئەم پێکەوەژیانە دەدەن، لێرەدا دەیانخەینە روو:

1–ئەشکەوتی شێخ وسو رەحمان یان رەبەن بۆیا:

نزرگەیەکە کەوتۆتە دۆڵێکی ناو چیای سەفینو لە بەشی باشووری شەقلاوەیە و شوێنێکی سەختی هەیە، ئەشکەوتێکەو بە لای هەردوو پەیڕەوانەوە پیرۆزە، مسوڵمانەکان پێی دەڵێن مەزاری شێخ وسو رەحمانو دیانەکانیش بە (رەبەن بویا) ناوی دێنن، ئەم دیاردەیە بۆتە جێی سەرنجی گەریدەو رۆژهەلآتناسەکانیش، هەر بۆیە حاکمی ئینگلیز لە بیستەکانی سەدەی رابردوو ئەمەی لا سەیر بووەو نوسیویەتی: (ئەوەی سەیرە کە تۆ دوو سێ مەزار لەو پارێزگایەدا بدۆزییەوە کە دەڵێن هی هاوەڵەکانی عیسان (س)، موحەممەدییەکانیش هەموو بە پیرۆزی دەزانن)[ير]، لەسەر دوو لای تاوەرە شاخەکانی ئەم ئەشکەوت و نزرگەیەدا لە یەك کاتدا لەلایەك (الله اکبر) نووسراوەو لەلاکەی تریش خاچێکی رەمزی دیانەکان کێشراوە، کەسیش نایسڕێتەوەو هەردووکیان بونەتە رەمزێکی پێکەوە ژیان لەم شارەدا.

2–چاکی سەرگردی:

ئەم مەزارەیش کە بە چاکی سەرگردی ناسراوەو کریستانەکان (مار ئەورەها–ئیبراهیم)ی پێدەڵێن. دەکەوێتە سەر گردێکی ناو باغەکانی شەقلاوەو هەردو لا بڕوایان پێی هەیە بەتایبەتی بۆ دەربڕینی مرازو هێنانەدی ئاواتەکانیان، زیاتر کچان و ژنان لە هەردوولا دەچنە سەردانی، زۆر جاران وا رێك کەوتووە لە یەك کاتدا هەردوو لا لەوێ بن و نیازی دڵی خۆیان هەڵڕێژن، بەتایبەتی لەو نەریتە کۆنەی کە بەردێك بە لا کێلی گۆڕەکەوە دەنوسێنن، بۆ ئەوەی مرازیان بێتە دی.

3–مەزاری شێخ محەمەدی بەرگەڵی یان مەتران مار ماری:

23– حەماغای گەورە،مەسعوود محەمەد، چاپی دووەم، دەزگای ئاراس، 2010، ل69

24– دوو ساڵ لە کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل93

ئەم مەزارە لە سنووری قەزای شەقلاوەیەو کەوتۆتە رۆژهەلاتی گوندی هیران و باشووری گوندی کونەفلوسە، خەڵکی مسوڵمان و دیان، بۆ هێنانەدی مرازەکانیان و بۆ نەخۆشی دەچنە زیارەتی[25]، دیانەکان بەناوی (مەتران مار ماری) سەردانی دەکەن‌و مسوڵمانەکانیش بە (شێمحەمەدی بەرگەری)، هەردوو لا بە هەمان شێوەی یەکتر، بڕوایەکی زۆر پتەویان بە چاکی‌و پلەبەرزی ئەم پیاوچاکە هەیەو لەو روانگەوە دەیان سەربردەو چیرۆکی تایبەتی لێ دەگێڕنەوە.

4–دەرماناوە: لە شەقلاوە مەزارگایەکی تر هەیە کە لای مسوڵمان و دیانەکان بە پیرۆز دادەنرێ، قەبرێکی لێیە و لەنزیك قەبرەکە کانییەکی گڕاوی لێیە و خەڵك بۆ نەخۆشییەکانی پێست بەکاری دەهێنن و دیانەکان پێیان وایە قەبرەکە خوشکی (رەبەن بۆیا)یە، وەك کلتورێك لای هەردوو لا هەرکەسێك بێتە سەر ئەم مەزارە دەبێ لەگەڵ خۆی چەند نان و سەلکە پیازێك بهێنێ و لەوێی دابنێ بۆ ئەوەی رێبواران بیخۆن.

5– چاکی حاجی مرك یان ماریعقوب: ئەمەش دەکەوێتە سنووری گوندی ئاقوبان–ی سەر بە ناحیەی هیران، هەردوو لا سەردانی دەکەن و بە پیرۆزی دەزانن.

6–مەڕبێنە قەدیشە، لە کۆیە، کە لەنێو مسوڵمانەکان بە (شێخ محەمەد) ناسراوە، هەردوو لا سەردانی دەکەن و باوەڕیان پێیەتی[26].

**بۆنە ئایینییەکان و پێکەوە ژیان:**

بۆنە ئایینییەکان یەکێکە لەو هۆکارانەی کە تێیدا زیاتر درەختی پێکەوە ژیان ئاو دەدرێت‌و گەشە دەکات، بەتایبەتی لەو نێوانەدا ئەگەر پێشتر باری کۆمەلایەتی بە گشتی پەرەی پێدرابێ، ئەوا بۆنە ئاینیەکانیش کە زۆر جاران شێوەیەك لە بۆنەی کۆمەلایەتی تەماشا دەکرێن، هەمان پەیوەندی دروست دەکەنەوە، دەتوانین لەم چەند رووانەوە بۆنەی ئایینی پۆلێن بکەین:

1–جەژن: لە شەقلاوەو کۆیەدا، دیانەکان لە هەردوو جەژنی مسوڵمانان (قوربان و رەمەزان)، هەر لە بەیانیی یەکەم رۆژی جەژن، سەردانی ماڵە مسوڵمانەکان دەکەن‌و پیرۆزبایی جەژنیان لێدەکەن، مسوڵمانەکانیش بە هەمان شێوە لە جەژنی لەدایك بوونی حەزرەتی عیسا (س)، پیرۆزبایی لەدایك بوونی ئەو پێغەمبەرەیان لێ دەکەن، ئەمە لە کۆنیشدا هەر هەبووە، ئەوەتا مەسعود محەمەد دەنوسێ: (پیاو ماقووڵ و قەشەو مالمەکانیشیان[27] لە هاتوباتی رەسمییات‌و جەژنەدا بارتەقای ماقووڵەکانی مسڵمانان بەخێر دەهێنران و رێزیان لێ دەندرا، من بە چاوی خۆم دەمدیت لە دیوەخانی باوکم[28]

25– خۆم لە پایزی 2008 دا چەند خانەوادەیەکی مسوڵمان وخانەوادەیەکی دیانی شەقلاوەم لەوێ بینی، خانەوادە دیانەکە مۆمیان دادەگیرساند لە دەوری گۆڕەکە، یەکێکیان ئاماژەی بەوەدا، کە ئەم پیاوچاکە ناوی مەتران مار مارییە و ئەوان بۆ نەخۆشی زیارەتی دەکەن.

26– مێژووی هەرمۆتە، د.هاوژین سڵیوە، چاپخانەی زانا، سلێمانی، 2013، ل110

27– مەبەستی هی دیانەکان و جولەکانن.

28– مەبەست مەلای گەورەی کۆیەیە.

هەمیشە قەشەو مالم لە باری هەرە سەرەوە جێگەیان رەچاو دەکرا)[29] هەروەها (هاملّتن) دەلّیّ: (مسولّمانەکانیش هاوبەشی پیرۆزبایی کریسمسیان دەکرد، وەك هەستێك نەك باوەڕێك). [30]

2–ئاهەنگی یادی لەدایك بوونی پێغەمبەر (مەولود) (د.خ): هەتا ئێستاشی لەگەلّ دا بێت، دیانەکان بەشداری ئاهەنگی مەولود دەکەن و دلّخۆشی خۆیان بەم رۆژە دەردەبڕن و لەگەلّ مسولّمانەکان شیرینی دەخۆن و دەخۆنەوە و تەنانەت خودی قەشەی شەقلاّوەش سالاّنە لەم ئاهەنگەدا بەشدار دەبێت.

3–لەکاتی هاتنەوەی مسولّمانان لە سەفەری حەج و عومرەدا، دیانەکان هاوشێوەی مسولّمانەکان دەچنە بەخێرهاتنەوەیان و هیوای قبولّبونی پەرستشەکانیان بۆ دەکەن.

4–پرسەو ناشتنی مردوو:

دیانەکان و مسولّمانەکان لە ناشتنی مردووی یەکتر و پرسەکەشی بەشداری دەبن، بە جۆرێك ئەمە هەر خەلّکی ئاسایی نەگرتۆتەوە، بەلّکو کەسانی ئایینیش لە پێشەوەیانن و مامۆستایانی ئایینی وەك نەریتێکی ئیسلامی و کوردەواری بەشداری پرسەی دیانەکان لە هۆلّی پرسە دەبن و قەشەش لە پرسەی مسولّمانەکاندا لە مزگەوت بەشدار دەبێت، هەر یەکەشیان بە پێی سرووت و دابی ئایینی خۆی نزا دەخوێنیّ و کەسیش بۆی نییە تانە ببەخشێتەوە، بە پێچەوانەوە لەلایەن هەردوو لاوە بە گەرمی بەخێرهاتن دەکرێن.

5–مامۆستایانی ئایینی و پیاوانی ئایینی دیانەکان (قەشە) هەماهەنگییان هەیە، بەتایبەتی لە هەندیّ پرسی چارەنوسسازدا، بۆ نموونە لە سالّی 2013 لەکاتی کۆمەککردنی کوردانی خۆرئاوا، بە کۆکردنەوەی پارە لە رێگای مزگەوتەکان و کلّێسادا، هەماهەنگی لەنێوان هەردوولادا کراو نوێنەری قەشەو نوێنەری مامۆستایانی ئایینی کۆمەکەکەیان گەیاندە کەمپی دۆمیز لە دهۆك.[31] لە زۆر باری دیکەشدا مامۆستایانی ئایینی رۆلّی چارەسەرکردنی کێشەکانیان هەیە، ئەگەر کێشەکە لەناو خانەوادەی دیانەکانیش بێت، بەو پێیەی مامۆستایان لەلای ئەوانیشەوە رێزلێگیراون. [32]

## چەند بۆنەو دابێکی کۆمەلاّیەتی دیکە:

### گەڕانەوە بۆ ئاغای هۆز لەکاتی کێشەو گرفتەکان:

سەرۆك هۆزەکانیش دەتوانن کێشە ئالّۆزو سەختەکانی ناو مسولّمانان و دیانەکانیش چارەسەر بکەن. (ئاسوورییەکانی باشووری کوردستان پابەندی دەسەلاّتی ئاغایەکانی ئەو نێوچانەی کە لێی

---

29– حەماغای گەورە، سەرچاوەی پێشوو، ل69

30– رێگایەك بە کوردستاندا، أ.م. هاملّتن، وەرگێڕانی: د.عەلی عەبدولرەحمان عەسکەری، دەزگای موکریانی، 2013ل 179

31– چاوپێکەوتن لەگەلّ (مەلا تحسین خۆشناو) بەرپرسی لقی شەقلاّوەی یەکێتی زانایان، 13–10–2013

32– بۆ نموونە بەهۆی پەیوەندی کۆمەلاّیەتیی بەتین لەنێوان خانەوادەی دیان و مسولّمان، زۆر جاران پەنا بۆ مامۆستای ئایینی هێنراوە بۆ چارەسەرکردنی گرفت و کێشەکان، بۆ نموونە م.ملا عمر احمد پێشنوێژو وتارخوێنی مزگەوتی کاوانیانی شەقلاّوە گێڕایەوە بەهۆی دۆستایەتی کۆنمان لەگەلّ چەند خانەوادەیەکی دیان، جاری وا هەبووە ناکۆکی لەنێوان دوو خانەوادەیان هەبووە، ئێمە رۆلّمان بینیوە لە ئاشتەوایی نێوانیان، بۆ نموونە لە سالّی 1995 دوو کەس کە برای یەکتر بوون، لەسەر چەند پرسێکی کۆمەلاّیەتی ناکۆکیان کەوتبوە نێوانیان، پەنایان بۆ ئێمە هێنا کە هەردووکیان دۆستی لەمێژینە بوون و کیشەکەمان چارەسەرکردن.

**نیشتەجێن. هەروەها هاوبەشی لە هەندێ داب و نەریتی عەشیرەتی کوردی دەورووبەریان دەکەن)[33] هەر بۆ نموونە رەزا زبێر مەحموود ئاغا، کە (ئاغای عەشیرەتی زێبارییە، لە گوندی (شەرمن) نیشتەجێیە، تیارییەکان (مەسیحییەکان) وەکو زێبارییەکان بۆ چارەسەرکردنی هەندێ گرفتی کۆمەلأیەتی ئالۆز، سەردانی دەکەن).[34]**

**نیوەتۆوی و بەکرێدانی زەوی کشتوکاڵی**

**دیانەکان و مسوڵمانەکان، زۆر جار باغ و زەوییە کشتوکاڵییەکانیان بە کرێ و نیوەکاری و سێیەك دەدەنە یەکترو ئەم مامەڵەش لە کۆنەوە لەناو خەڵکیدا هەبووەو جیاوازی ئایین و نەتەوە کاری نەکردۆتە سەر مامەڵەکانیان. بۆ نموونە (تیارییەکان، بەشێك یان هەموو زەوییەکانیان، لەبەر نەکردنی کشتوکاڵ، یان لە شار نیشتەجێ بوون، یان کارکردن لە فەرمانگەی دەوڵەت، بە سێیەك بە فەلاحی زێباری داوە)[35]**

**ئاهەنگی ژن و ژنخوازی:**

**لەکاتی گواستنەوەی ژن و بووك هێنان، نان خواردن و زیافەتکردن هەموو لایەك تێیدا بەشدار دەبن و بۆ دیاری هێنانیش بۆ ماڵی تازەی بووك و زاوا، هەردوو لا پیرۆزبایی بۆ یەکتر دەنێرن و دیاری دەنێرن و مرۆ ئەگەر لە دانیشتنەکە بەشدار بێت، ناتوانێ لێکیان جیا بکاتەوە، چونکە نەریتەکە تەواو ئاوێتەی یەکتری بوونەو وەك دابێکی رەسەنی کۆمەلأیەتی خۆی بەرجەستە دەکات.**

**یەك پۆشاکی لەنێوان هەردوولادا:**

**دیانەکان هاوشێوەی مسوڵمانەکان جلی کوردی دەپۆشن و هیچ کاتێك لە رووی جل و بەرگەوە خۆیان لە کورد دوور نەگرتووەو پیاوەکانیان وەك کوردەکان رانك و چۆغەو پشتێن و کلأوو جەمەدانی کوردییان پۆشیوە، ژنەکانیش هەتا ئێستایشی لەگەڵ دا بێت ژنە بەتەمەنەکان وەك ژنانی کورد کراس و پۆشاکی کوردی دەپۆشن و بە هیچ شێوەیەك ناتوانرێ جیاوازیان لێ بەرهەم بهێنرێ.[36] هەروەها دیانەکانی هەرمۆتەو کۆیەش بە هەمان شێوە جلی کوردی دەپۆشن و (جل و بەرگێکی تایبەتی خۆیان نییە، بەڵکو پیاوەکان رانك و چۆغەیان لەبەرکردووەو ژنەکانیش جلی کوردییان پۆشیوە).[37] هەروەها لە شوێنی تریش هەمان پۆشاك دەپۆشن، بۆ نموونە (( جل و بەرگی پیاوانی گوندی بێدیاڵ {کە گوندێکی ئاسووری نشینەو کەوتۆتە ناوچەی شێروان مەزن ی نزیك بارزان} هەمان ئەوانەن کە**

---

33– ئاسوورییەکانی باشووری کوردستان (لێکۆڵینەوەیەکی جگرافی–ئەتنۆگرافی)، د. عەبدوڵڵا غەفور، بلأکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر 2010، ل 132

34– ئاسوورییەکانی باشووری کوردستان (لێکۆڵینەوەیەکی جگرافی–ئەتنۆگرافی)، د. عەبدوڵڵا غەفور، بلأکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر 2010، ل 153

35– ئاسوورییەکانی باشووری کوردستان (لێکۆڵینەوەیەکی جگرافی–ئەتنۆگرافی)، د. عەبدوڵڵا غەفور، بلأکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر 2010، ل 153

36– وەچەی ئێستای مەسیحییەکانی شەقلأوەیش هاوشێوەی وەچەی ئێستای مسوڵمانەکان جلی کەلەپووری خۆیان فڕێ داوەو جلی سەردەم دەپۆشن، لەوەشدا وەك یەکن و جیاوازییان لێ بەدی ناکرێ.

37– مێژووی هەرمۆتە، د.هاوژین سڵیوە، چاپخانەی زانا، سلێمانی، 2013، ل110

بارزانییەکان لەبەری دەکەن و بریتییە لە شەل (واتە شەروال یان رانك) و شەپك (واتە کورتەك یان چۆغە) و هێڵەگ و پشتێن و کڵاوو جەمەدانی سور))[38]

**یەك ئاقاری هاوبەشی زەوی و زار:**

لە زۆر لە گوندەکانی کوردستان ئاقاری گوندێك لەگەڵ گوندێکی تر جودایە، بەمەش زۆر جاران چوونە نێو ئاقاری ئەوی تر کێشەی بۆ هەردوو گوند دروست کردووە، ئەگەرچی سنووریش جیایان بکاتەوە. بەڵام لە ناوچەی بەرواری، دوو گوندی ئاسوورییەکان و دوو گوندی کوردان ئاقاریان تێکەڵی یەکترییەو کێشەش دروست نەبووە ((ئاقاری وێڵەو بێرووەمانی (دوو گوندی ئاسوورین)و هێتوت و شیڤێ (دوو گوندی کوردین)، تێکەڵەو کەس دەست بۆ زەوی تەنیشتی یان زەوییەکی بەتاڵ درێژ ناکات.... گندی باشێ (ئاسووری) و سەرنی (کوری) چیای هاوبەشیان هەیە))[39]

**هەرەوەزی لە کارکردن دا:**

لەناو کورددا زبارەو هەرەوەزی رەگەزێکی گرنگی مانەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە، لەو سۆنگەیەوە بەهۆی هەڵکەوتەی شەقڵاوە لە رووی باغدارییەوە، لە زۆر کاردا پێویستیان بە بنەمای هەرەوەزی دەبێ، لەو بارەوە خەڵکەکە بە پێی پەیوەندی دۆستایەتییان جیاوازی ناکەن لە نێوان مسوڵمان و دیانێك، هەردوو لایان لە توو داوەشاندن و مشتاغی ترێ و گوێز لێکردنەوەو بلاروك کردنو بەڕوو کردن هەنار ڕنین... هەروەها لە بەفرماڵین لە زستانانداا هەرەوەزی یەکتر دەکەن بە بەسەربردنی شەوانی درێژ بە هاموشۆکردنی ماڵی یەکتر، هەروەك لەکۆندا کاروانی بازرگانییان بەیەکەوە بووەو بەیەکەوە میوەجات و بەرهەمی خۆماڵیان بردۆتە شارو دێهاتەکانی کوردستانو بە گەنم و جۆو شەکرو چایان گۆڕیوەتەوە.[40] وێڕای ئەوەی لەناو فەرمانگە حکومییو کارگێرییەکانی کوردستاندا پەیڕەوانی هەموو ئایینەکان بەیەکەوە کارەکان بەڕێوە دەبەنو لە زۆر لە بەڕێوەبەرایەتیو فەرمانگەو قوتابخانەو دامەزراوەکانی حکومیدا بەرپرسو بەڕێوەبەرەکان دیانو بە پێچەوانەوەیش مسوڵمانیش هەن، واتە بێ جیاوازی بیرکردنەوە لەوەی کە ئایینی بابای بەرپرس و بەڕێوەبەر چییە،[41] بەو پێیەی مێژوویەکی دوور درێژ لە بەیەکەوە کارکردنو بەیەکەوە ژیان هەیە، بۆیە رەنگە ئەمە تایبەتمەندییەکی دیکەی پێکەوە ژیانی کوردستان بێت، کە رۆڵی لە هێشتنەوەی ئەم پەیوەندییە هەبووە.

38- ئاسوورییەکانی باشووری کوردستان (لێکۆڵینەوەیەکی جگرافی-ئەتنۆگرافی)، د. عەبدوڵڵا غەفور، بڵاکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر 2010، ل 81

39- ئاسوورییەکانی باشووری کوردستان (لێکۆڵینەوەیەکی جگرافی-ئەتنۆگرافی)، د. عەبدوڵڵا غەفور، بڵاکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر 2010، ل 154

40- لەم رووەوە سەیری کتێبی کەلەپووری مەسیحییەکانی شەقڵاوە بکە، دەیان نموونەی نوکتەو بەسەرهات و قسەی خۆشی خەڵکی شەقڵاوەی تێدایە بە مەسیحی و مسوڵمانەوە لە کاتی کاروانکردن و بەیەکەوە کارکردنیان، (چمکێك لە کەلەپووری مەسیحییەکانی شەقڵاوە، جلال جرجیس شێر، چاپی یەکەم، هەولێر، 2007ز)

41- تەنانەت نموونەی وا هەیە مامۆستای مەسیحی لەکاتی مۆڵەتی مامۆستای پەروەردەی ئیسلامیدا، بە ئارەزووی خۆی بە شێوەیەکی کاتی وانەی پەروەردەی ئیسلامی بە قوتابیەکان وتۆتەوە، کەسی وایان هەیە هێندە لە رووی کۆمەڵایەتییەوە تێکەڵی مسوڵمانەکان بووە، خۆی دانی بەوەداناوە کە بەیانیان لە ماڵ نایەتە دەرەوە تا چەند ساتێك گوێ لە دەنگی قورئانخوێنی ناسراو (عبدالباسط عبدالصمد) نەگرێ. خودی باس کردنەکە لە زمانی خۆیانەوە نیشانەی قوڵبونەی رەگی پێکەوە ژیانەکەیە، بەتایبەتیش لە هاوکاری و کارکردن ئەگەر سنووری خودی سرووتە ئایینییەکەیش ببڕێ.

## پێکەوە مردن و دواچارەنووس لە دیمەنێکی سەرنج ڕاکێش دا:

ئەوەی کە سیمای پێکەوەژیانی کوردستان لە شوێنانی تر جیا دەکاتەوەو بۆتە تایبەتمەندییەکی سەرنج ڕاکێش، ئەوەیە مسوڵمان‌و کریستانەکان هەر تەنیا لە ژیاندا ئاوێتەی یەکتر نەبوون، بەڵکو لە مردنیشدا لە یەك ڕووداو لە یەك شوێندا ئەسپەردەی خاك کراون. بۆ نموونە:

1- لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا لە ئەنجامی ڕاپەڕینی خەڵکی شەقڵاوە دژی ڕژێمی بەعس، ڕژێمی ئەوسا کەوتە گرتنی خەڵك‌و بێ جیاوازی خەڵکی دەستگیر کردو بیست و سێ (23) کەسی ئەم شارەی بە دیان‌و مسوڵمانەوە لە سێدارەدا، دوای ڕاپەڕینیش تەرمی ئەم شەهیدانە لە مەراسیمێکی شکۆداردا هێنرایەوە شەقڵاوەو لە گۆڕستانی گردی زەیتون هەموویان لە یەك شوێندا نێژران، تێیدا گۆڕی دوو دیانی شەقڵاوەش کە لەگەڵ مسوڵمانەکان لە سێدارەدرابوون، تێکەڵی گۆڕی مسوڵمانەکان بوونەو بەم جۆرە لە مردنیشدا پێکەوە لە سێدارەدران و پێکەوەش لە یەك گۆڕستاندا چوونەوە بن خاك.

2- هەر لە ڕووی سیاسییەوە، ئەو کاتەی گوندەکانی کوردستان لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە ڕاگوێزران و لەسەر ماڵ و حاڵی خۆیان وەردەرنران، ئەم ڕاگواستنە دیانەکانیشی لەگەڵ مسوڵمانەکان پێکەوە گرتەوە. هەر بۆ نموونە گوندی (کەشکاوا)ی سەر بە ناحیەی دینارتەی قەزای ئاکرێ، کە دانیشتوانەکەی ئاسوورین (لە نێوان دە تاکو پازدەی مایسی ساڵی 1987دا، بە شۆفەری عێراقی لەگەڵ عەرد تەختکراوە، خەڵکەکەیان بە زیل بۆ ئاکرێ گواستەوە. لە شێنێك بە تەنیشت بینایەی قایمقامی ئاکرێ هەڵڕشت نزیکەی نۆ ڕۆژان، بە بێ هیچ شتێك لەو ناوە دەخولانەوە...ئاسوورییەکان دوای تەرحیلکردنیان، بەسەر چەند کۆمەڵگا، بە نموونە المنصوریە (مسێریك- باختمە)، قادسیە (ئازادی)، بیرسڤێ، دابەشکران)[42]

## پێکەوە ژیان لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە:

ئەوەی بۆتە تایبەتمەندییەکی دیکە لە سیمای پێکەوەژیانی کوردستاندا، جیاواز لە شوێنەکانی تر ئەوەیە، دیانەکانی کوردستان خۆیان لە کورد جیاناکەنەوەو لە ڕووی سیاسییەوە تێیاندا هەبووە بۆتە پێشمەرگەو لە شۆڕشەکان بەشداربووەو بە دڵسۆزی خەباتی بۆ کوردستان کردووە، هەر ئەمە وایکردوە لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە خۆیان جیا نەکەنەوەو لە پرۆژەو کاروانی ڕۆشنبیری شارەکانیشدا بەشداربن، بەتایبەتی لە پەروەردەو فێرکردن دا بە زمانی کوردی خوێندویانەو هەتا دوای ڕاپەڕینیش قوتابخانەی تایبەت بە خۆیان نەبووەو خۆیان جیانەکردۆتەوە لە خوێندن لەگەڵ مسوڵمانەکان، هەر ئەم بایەخ دانە بە زمانی کوردی‌و ڕۆششنبیری کوردی وایکردووە کە:

---

42- ئاسوورییەکانی باشووری کوردستان (لێکۆڵینەوەیەکی جگرافی-ئەتنۆگرافی)، د. عەبدوڵڵا غەفور، بڵاکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر 2010، ل 76

1–شاعیری بەتوانایان تێدا هەڵبکەوێ و رۆڵی لە بەرەو پێش بردنی شیعری کوردی هەبێ، بۆ نموونە شاعیری کۆچکردوو، خەلیل خۆرانی[43] (؟– 1999ز) کە خاوەنی دیوانێکی شیعرییە بە زمانی کوردی، هەروەها شاکر عۆدیش (1939–) و چەندانی تر[44].

2–بەشداربوونی کارای دیانەکانی کوردستان لە کۆمەڵەو سەنتەرە رۆشنبیری و هونەرییەکان، هەر لە دامەزراندنی سەنتەری رۆشنبیری شەقلاوە بگرە تا تیپە مۆسیقایی هونەرییەکانی شارەکە.

3– بڵاوکردنەوەی دوو گۆڤار بەناوەکانی شەقڵاوە و دیانا، لە شەقڵاوەو دیاناو هەروەها لە کۆیەو چەند شوێنی تریش، کە تێیدا لەپاڵ ئەوەی بە زمانی کوردی بابەتی تێدا بڵاودەکرایەوە، بابەتی بە زمانی سریانیش تێدا نووسراوە، وەك گۆڤارێکی هاوبەشی هەردوو پەیڕەوانی ئایین.

## مسوڵمانەکان دەبنە خانەخوێی ئەرمەنییەکان و دوو گەڕەکیان بەناو دەکەن:

لە دوای کارەساتی ئەرمەنییەکان لە تورکیا، چەند خانەوادەیەکی ئەرمەنی پەراگەندەی کوردستان دەبن و هەندێکیان دێنە شەقلاوە، لە شەقلاوە خەڵك کۆمەکییان دەکەن و دوو کەسیان وەکو رەمزێکی ئەم شارە لە یادگەی خەڵکی مسوڵمان و مەسیحییەکان ماونەتەوە، ئەوانیش (یەکێکیان ناوی کریکۆر بوو ماوەیەکی زۆر لە شەقلاوە ژیاو جێگای رێزو لەلایەن دانیشتوان خۆشەویست بوو، ئەم پیاوە یەکەمین گازینۆی لە شەقلاوە کردەوەو خانوو باخچەیەکی زۆر جوانی دامەزراند، ئێستاش گەڕەکێك لە شەقلاوە بەناوی ئەو پیاوە ناسراوە "گەڕەکی کریکۆر"، پیاوی دووەمیان ناوی سیمۆن بوو، ئەویش ئوتێلی دامەزراند لەساڵانی چلەکان بەناوی ئوتێلی (الشمال الجدید) ئێستاش کەلاوەی ئەم ئوتێلە هەر ماوە و گەڕەکەکە بەناوی گەڕەکی سیمۆن ناسراوە)[45].

## ئەنجام:

لەم کورتە لێکۆڵینەوەیەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

- زۆربەی سیمای پێکەوەژیان لە کوردستان، تا رادەیەك تایبەتمەندییەکی ناوازەی هەیە، بەهۆی ئەوەی بە زۆری هیچ سنوورێکی جوگرافی یان دەستکرد لەنێوان مسوڵمانو دیانەکان نییە، ئەمەش بەهۆی سرووشتی جوگرافیای ناوچەکەو پتەویی پەیوەندی کۆمەڵایەتیانەوەیە.
- دیانەکان لە رووی رۆشنبیرییەوە خۆیان لە کوردەکان جیانەکردۆتەوەو هاوشانی مسوڵمانەکان رۆڵیان لە کاروانی هونەریو رۆشنبیری بەگشتیو شیعری کوردی بەتایبەتی هەبووە.

---

43– خەلیل خۆرانی دوای مردنی، کۆمەڵە شیعرێکی بەناوی (شەوی یەڵدا) چاپ بوو، کە هەڵبژاردەیەك لە شیعرەکانی تێدایە (ئەو شاعیرەی کە مەسیحی بووەو بە کوردییەکی رەوان شیعری ئەنووسی و بەرهەمەکانیشی بوونەتە بەشێکی جوانی شیعری شەقلاوە)، بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە (شاعیرانی شەقلاوە، هۆشەنگ شێخ محەمەد، چاپخانەی رۆشنبیری هەولێر، 2008، ل86–90

44– ئێمە تەنیا نموونەی ئەو کەسانەمان هێناوەتەوە کە بە زمانی کوردی بەرهەمیان هەیە، ئەگەرنا نووسەرێکی وەك شەماشە میخائیل کتیبێکی بەناوی تاریخ شقلاوە بە زمانی عەرەبی نووسیوەو نووسەری تریشیان هەن، لێ چونکە باسەکە لەبارەی پێکەوەژیانە، نووسین بە زمانی کوردیش هەوڵێکە بۆ زیاتر تێکەڵاوبوونی یەکتر، بۆیە تەنیا ئەم نمونانەمان هێناوەتەوە.

45– راپۆرتێك لەسەر چەند دیاردەیەکی فۆلکلۆری لە شارۆچکەی شەقڵاوەدا، ئا: زرار سەرتاش، گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر، ژمارە6،، 2004ل174

- له زۆر لەو ناوچانەی دیان و مسوڵمان هەن، هەر تەنیا پێکەوەژیان سیماکەی نییە، بەڵکو لە چارەنوس و پێکەوە مردن و پێکەوە ئەسپەردەی خاك کردنیش دا دیانو مسوڵمان پێکەوەن، ئەمەش سیمایەکی جیاکەرەوەی پێکەوەژیانە، کە لە هیچ شوێنێك بەم جۆرە رووینەداوە.
- لە پرسە چارەنوسسازەکان دا نەك هەر تەنیا لەنێوان خەڵکی ئاساییی هەردولا، بەڵکو لەنێوان کڵێسەو مزگەوت و مامۆستا (مەلا) و قەشەشدا هەماهەنگی هەیە.
- پێکەوەژیان هێندە لە کوردستان قولڵ بۆتەوەو رەگی داکوتاوە، لە هەریەکە لە جلو بەرگو هەرەوەزی و بازرگانیو بۆنە ئاینیو نیشتمانیی وکۆمەڵایەتییەکانیشدا هاوبەشن لەم روەوە نموونەی زیندوو خۆیان بەرجەستە دەکەن.
- سیمایەکی زۆر تایبەتمەندی پێکەوەژیان ئەوەیە هەر لە زیندووەکان چڕنابێتەوە، بەڵکو مەزارەکانیش بونەتە پردی کۆکەرەوەی هەردوولا لەیەك کاتدا، بیٚ ئەوەی هیچ گرفتێك بێتەکایەوە.
- ئەوەندەی سیاسەتی هەندیٚ لە فەرمانڕەواکان لە کۆنەوە تا ئێستا بەهۆی کەمو کوڕی لە بەڕێوەبردنی کارەکانیان پەڵەیان خستۆتە سەر سیمای پێکەوەژیانەکە، ئەوەندە سرووشتی خەڵكو دینداریو رۆشنبیرییەکەیان گرفت نەبوونە لەبەردەم پێکەوەژیانەکە.
- پەیوەندییە بەتین و پێکەوەژیانەکەی کوردستان، هەر لە دیان و مسوڵمانەکان تەنیا قەتیس نەبووە، بەڵکو لە سەرەتای سەدەی رابردوودا پێشوازی لە ئەرمەنەکانیش دەکەن و لە ئەنجامی بەهێزی پەیوەندییەکە، ئێستاش دوو گەڕەکی شەقڵاوە بەناوی دوو کەسی ئەرمەنی کراون و لە خەیاڵی خەڵکی ماونەتەوەو بونەتە کلتورێکی تایبەتی شارەکە.

## سەرچاوەکان:

### بە زمانی کوردی:


1- ئاسووررییەکانی باشووری کوردستان (لێکۆڵینەوەیەکی جگرافی-ئەتنۆگرافی)، د. عەبدوڵڵا غەفور، بلاٚکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر 2010،

2- چەپکێك لە کەلەپووری مەسیحییەکانی شەقلاٚوە، جلال جرجیس شێر، چاپی یەکەم، هەولێر، 2007ز

3- حەمەغای گەورە، مەسعوود محەمەد، چاپی دووەم، دەزگای ئاراس، 2010،

4- دوو ساڵ لە کوردستان (گەشتیکی نهێنی بۆ میزۆپۆتامیا)، دبلیۆ ئار هەی، وەرگێڕانی لوقمان باپیر، دەزگای چاپ و بلاٚوکردنەوەی رۆژهەلاٚت، هەولێر، 2010

5- سلێمانی شارە گەشاوەکەم، جەمال بابان، بەرگی چوارەم، ئاراس، 2012،

6- شاعیرانی شەقلاٚوە، هۆشەنگ شێخ محەمەد، چاپخانەی رۆشنبیری هەولێر، 2008،

7- گەشتنامەی ریچ بۆ کوردستان، کلۆدیۆس جەیمس ریچ، وەرگێڕانی محەمەد حەمە باقی، موکریان، چاپی پێنجەم، هەولێر، 2012

8- گەشتنامەی مسیۆنێرێك، ژاك ریتۆریٚ، لە فرانسیەوە: نەجاتی عەبدوڵلاٚ، بنکەی ژین، سلێمانی2008.

9- مێژووی هەرمۆتە، د.هاوژین سڵیوە، چاپخانەی زانا، سلێمانی، 2013

10- هاودیان (چەند لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی لەسەر کولتورو مێژووو کۆمەلاٚیەتی گوندی هاودیان)، فازڵ هاودیانی، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر 2012

**به زمانی عەرەبی:**

11- **التعايش السلمي بين الاديان في كردستان– والشيخان نموذجا، داود مراد ختاري، مقال في كتاب (پێكەوەژيان لە كوردستان) ئامادەكردنی: ڕێكخراوی باڵيۆز بۆ گەشەپێدانی مرۆيی و ڕێكخراوی سەروەری ياسا، هەولێر،** 2013

12- رحلة الهولندى الدكتور ليونهارت راوولف الى طرابلس-دمشق- حلب- الرقة- ديرالزور- بغداد- عانه- الفلوجة- هيت- كركوك- اربيل، في النصف الثاني من القرن السادس عشر الميلادي، ترجمة: د.سليم احمد خالد، الدار العربية للموسوعات، بيروت، 2008م.

13- رحلة نيبور الى العراق في القرن الثامن عشر، ترجمة عن الالمانية، د.محمود حسين الامين، الدار العربية للموسوعات، بيروت، بيروت، 2006م.

14- رحلة نيقولا سيوفى 1873، اعتنى بنشرها: تيسير خلف، دار التكوين، دمشق، 2009

**به زمانی ئینگلیزی:**

15- By Desert Ways to Baghdad, By Lousia jebb (Mrs. Roland Wilkines),London; T. FISHER UNWIN,1908

**گۆڤار:**

16- **ڕاپۆرتێك لەسەر چەند دیاردەیەكی فۆلكلۆری لە شارۆچكەی شەقلاوەدا، ئا: زرار سەرتاش، گۆڤاری ئاسۆی فۆلكلۆر، ژمارە6،** 2004ز

17- **كەمایەتی لە كوردستان بە پێی بەڵگەنامەی نێودەوڵەتی، مەسعود عبدالخالق، گۆڤاری جودی (گۆڤاری وەزارەتی ئەوقاف)، ژمارە 10، هەولێر**

چاوپێکەوتن:

1- **م. مەلا تەحسین خۆشناو، بەرپرسی لقی شەقلاوەی یەكێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی كوردستان.**

2- **م.مەلا عومەر ئەحمەد، پێشنوێژو وتارخوێنی مزگەوتی كاوانیان–شەقلاوە**

3- **م.ڤینار یعقوب سۆلا، سەرپەرشتیاری پەروەردەیی وانەی بیركاری، دانیشتوی شەقلاوە.**

تێبینی/ ئەم بابەتە سەرەتا لە کتێبی کوردستان وڵاتی پێکەوەژیان چاپکراوە، کە لە ساڵی 2013 کۆنفرانسەکە لە شەقڵاوە بەسترا. دواتر بە دەستکارییەوە لە ژمارە 2ی گۆڤاری خاڵ بڵاوکراوەتەوە.